kurdcreatives.com



**Ari Ismael**
I write to simplify things

# مەهێڵە داواکارییەکانت ڕەت بکرێتەوە

بە گۆڕانکاریەکی بچوك لە دەربڕین

# زۆربەمان بەم شێوەیە قسە دەکەین:

- کاتت هەیە بۆ ئەوەی...
- پێت باشە ئەگەر...
- دەتوانی ئەمەم بۆ بکەی...

ئەم ڕستانە وا لەکەسی بەرامبەر دەکات هەست بە 'ملکەچ' بوون بکات ئەگەر بێتوو بە 'بەڵێ' وەڵام بداتەوە. ئیگۆی مرۆڤ هەمیشە دەیەوێت خاوەنەکەی لە ژێر 'دەسەڵاتدا' بمێنێتەوە بۆیە هەر شتێك چاڵنجی ئەو دەسەڵاتە بکات ئەوا ئەنجامەکان باش نابن.

من شتێکت لێ داوادەکەم تۆش 'دەبێ قبوڵی بکەی' --> خۆ زاڵکردن بەسەر دەسەڵاتی بەرامبەر.

# ئەی چی بکەین؟

تاکتیکی داواکردن بەبێ زاڵبوون، بە گۆڕینی شێوازی قسەکردن

با پرسیارەکانت بانگێشتی 'نەخێر' بکات:

- کاتت هەیە بۆ ئەوەی... --> ئێستا کاتێکی خراپە بۆ ئەوەی...
- پێت باشە ئەگەر... --> پێت وایە شتێکی خراپ بێت ئەگەر...
- دەتوانی ئەمەم بۆ بکەی... --> پێت وایە داواکارییەکی زەحمەتە ئەگەر بڵێم...

وەك دەبینی ئەم گۆڕانکارییە بچوکە لە دەربڕین وادەکات بەرامبەر هەست بە دەسەڵات و کۆنترۆڵی خۆی بکات چونکە وتنی 'نەخێر' هەستی دەسەڵاتیەتی دەهێڵێتەوە بە بەراورد بە وتنی 'بەڵێ'.

# ئەی ئەگەر کابرا وتی بەڵێ؟

بۆ نمونە تۆ دەڵێی 'ئێستا کاتێکی خراپە باسی شتێك بکەین'، ئەویش دەڵێ 'بەڵێ کاتێکی خراپە'.

هیچ کێشە نیە، گەر تا ئێرە هاتی دڵنیابە کەسی بەرامبەر تێدەگات کە تۆ ڕێزی دەگری و پاڵی پێوەنانێی بۆ وتنی 'بەڵێ' بۆیە ئەو زیاتر یارمەتیدەرت دەبێت.

ئەم جارە لەگەڵ کڕیارەکانت، مودیرەکەت، کەسوکارت، هاوڕێت، یان هەر کەسێك دی ئەم تاکتیکە ئەنجام بدە و چێژ ببینە لەوەی کە ڕوودەدات!

kurdcreatives.com



**Ari Ismael**

I write to simplify things

**سڵاو**، سوپاس بۆ خوێندنەوەی ئەم سلایدە
من ئاری-م، دەربارەی کۆمەڵێك بوار دەنوسم بۆ
ئەوەی ئاڵۆزییەکان ئاسانترببن

دەتوانین لە لینکیدئین قسە بکەین!

→

ariismael